

# بۆ ساڵانێکی زۆر

ئانا گاڤالدا
لە فەرەنسییەوە: فەریبا سلێمانی
(بانە)

بۆ ساڵانێکی زۆر هەر وام دەزانی کە ئەم ژنە لە ژیانی من چووەتە دەرەوە، نەک زۆر دوور کەوتبێتەوە، بەڵام هەر لە دەرەوە بوو.

وام دەزانی کە ئەو ئیتر لە ژیانی مندا هەر نەشماوە و لە شوێنێکی زۆر دوور لە من دەژی، وام دەزانی کە ئیتر وەک جاران جوان نەماوە، وام دەزانی کە ئەو تەنیا پێوەندی بە دنیای ڕابوردووی منەوە هەیە. بە ئەو کاتانەی کە گەنج و عاشق بووم، ئەو کاتانەی پێم وابوو عەشق هەتاهەتاییە و هیچ شتێک لە خۆشەویستیی من بەرانبەر بە ئەو گەورەتر نییە و لەم قسە گەوجانە.

بیست و شەش ساڵ بووم، لە وێستگەیەکی شەمەندەفەر وەستابووم، ئەو کات نەمدەزانی کە لەو کاتەدا ئەو بۆ ئاوا بەکوڵ دەگریا ، لە ئامێزم گرت و قۆڵم لە ملی ئاڵاند. وام دەزانی لەبەر ئەوە ئاوا پەرۆش و پەشۆکاو بوو کە من لێی دوور دەکەوتمەوە و دەیویست بەو چەشنە خەفەت و ئازارەکەیم پێ نیشان بدات. پاش چەند حەوتە کە تەلەفۆنم بۆ کرد و بە چەشنێکی ناخۆش غورووری خۆم خستە ژێر پێ و لە نامەکانمدا زۆر لێی پاڕامەوە، لە ئاکامدا لێی تێ گەیشتم کە هۆی ئەو هەموو گریانەی چی بوو.

ئەو، ئەو ڕۆژە ئاوا کز و خەمبار بوو، چونکە پێی وابوو بۆ دوایەمین جار سەیرم دەکات و لەو کاتەدا وای هەست کردبوو کە بە سەر مندا دەگری، بە سەر تەرمی مندا، ئەو شتە ئازاری دەدا.

تا چەند مانگ هۆشم لە خۆم نەمابوو و هەر بە دار و دیواردا دەدرام.

هیچ شتێک سەرنجی ڕانەدەکێشام و خۆم بەم لاو ئەو لادا دەکێشا، هەرکە زۆرتر خەمبار دەبووم زۆرتر هۆشم لێ

دەبرا.

کوڕێکی تێک شکاوی شایەنی ڕێز بووم: هەموو ئەو ڕۆژە بێ مانایانەی کە خۆم فریو دەدا، لە خەو هەڵدەستام، بە ئیش کردن خۆمم دەکوشت و بێ هیچ کێشەیەک نانم دەخوارد و لەگەڵ هاوکارەکانم بیرەم دەخواردەوە و لەگەڵ براکانم بێشەرمانە پێدەکەنیم، لە حاڵێکدا پەلەپیتکەیەکی زۆر هێواش لە لایەن هەر کامیان بەس بوو بۆ ئەوەی تەواو تێک بشکێم.

بەڵام من خۆم هەڵدەفریوێنم، ئەو کارانەم هیچیان بۆ ئازایەتی و نەترسی من نەدەگەڕایەوە ، بەڵکو بۆ گەوجی و بێ عەقڵی من دەگەڕایەوە: هی ئەوە بوون کە وام دەزانی ئەو دەگەڕێتەوە، هەر بەڕاستی وام دەزانی.

کەس نەهات و دڵی من ئێوارەیەکی یەکشەممە لە سەر وێستگەیەکی شەمەندەفەر بە تەواوی تێکشکا. نەمدەتوانی خۆم ڕازی بکەم و بە هیچ شتێک و لە هیچ شوێنێک ئۆقرەم نەدەگرت. ساڵانێکیش کە بە دوای ئەوەدا دەهاتن هیچ کاریگەرییەکیان لە سەرم نەبوو. هەندێ ڕۆژ سەرم لە خۆم سوڕدەما و دەمگوت:

– ئێ؟ ... سەیرە... پێم وابێ دوێنێ بیرم لە ئەو نەکردووەتەوە، لە جیاتی ئەوەی کە خوشحاڵبم، لە خۆم دەکۆڵییەوە کە چۆن شتی وا دەبێت، چۆن توانیم ڕۆژێکی تەواو بێ ئەوەی کە بیر لە ئەو بکەمەوە بژیم، بەتایبەت زۆر بیرم لە ناوەکەی دەکردەوە، هەروەها دوو، یان سێ دانە لە وێنەکانی کە زۆر تایبەت بوون، هەمیشە هەر ئەوانە.

ڕاستە، بەیانیان لە چەرپاکەم دەهاتمە خوار، نانم دەخوارد، خۆم دەشت، جلم لە بەر دەکرد و دەچوومە سەر ئیشەکەم. جاروبار جەستەی ڕووتی چەند کچێکم دەبینی، بەڵام هیچ چێژێکی بۆ من تێدا نەبوو، هەستێکم ببێت: نا بێ گومان هیچ هەستێکم نەبوو.

پاشان چانسێک ڕووی تێ کردم، بەڵام هیچ تۆفیرێکی بۆ من نەبوو.

ژنێک هاتە سەر ڕێم، ژنێک عاشقی من بوو کە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ئەودا هەبوو، ناوێکی دیکەی بوو و بڕیاری دابوو کە بمکات بە پیاوێکی تەواو. بێ ئەوەی ڕای خۆم بپرسێ، هەڵیساندمەوە و ساڵێک بە تەواوی تێپەڕ نەبووبوو، لەو کاتەوە کە بۆ یەکەم جار یەکترمان لە ئەسانسۆرێکدا ماچ کرد لە ماوەی بەڕێوەچوونی کۆنگرەیەکدا، پاشان شووی پێ کردم.

ژنێک کە ئاواتم پێ هەڵنەخواستبوو. دەبێت ئەوە بڵێم کە زۆر دەترسام. بڕوام پێ نەدەکرد و لەوانەیە زۆر جار ئازارم دابێت. بە ئارامی دەستم بە سکیدا دەهێنا، بەڵام ڕوحم لە شوێنێکی دیکە سەرگەردان بوو. پرچەکانیم هەڵدەدایەوە و لە ناویاندا بە شوێن بۆنێکی دیکەدا دەگەڕام. ئەو قەت هیچی پێ نەدەکوتم. وای دەزانی کە ئەو ژیانە خەیاڵاوییەی من زۆر ناخایەنێت. بە هۆی پێکەنینەکانییەوە، بە هۆی جەستەیەوە و بە هۆی ئەو هەموو خۆشەویستییە بێ مانا و نەخوازراوەی کە پێی دەبەخشیم. ئەو ڕاستی دەکرد. ئەو ژیانە خەیاڵاوییەی من هێشتی کە من ژیانێکی بەختەوەرانەم بێت.

ئێستا لە ژوورەکەی پەنامدایە و خەوتووە.

لە بواری پیشەییدا، زۆر لەوەی کە خۆم چاوەڕوانیم دەکرد سەرکەوتووتر بووم. دەبێت باوەڕمان بێت کە سەختییەکانی ژیانمان ڕۆژێک دەگەنە ئەنجام، وادیارە من لە کاتی خۆیدا لە شوێنی دروستی خۆی بووم و هەندێک بڕیاری دروستم داوە و ... نازانم ئیتر.

باش دەمدی کە هاوپۆلەکانی جارانم چەندە بە گومان و سەرسوڕمانەوە سەیریان دەکردم و بە ئەم شتانەم سەرسام دەبوون: ژنێکی جوان، کارتە ویزیتێکی ڕێکوپێک و جلوبەرگێک کە ڕێک بە بەری خۆم دوورابوو، منێک کە جاران هیچم نەبوو. هەر وا مات دەمان.

ئەو کاتانە کەسێک بووم کە کچان هەموو داڵغەی بوون، بەڵام لە کۆتاییدا. هەموو داڵغەی هەر ئەو کچە بوو، بووبووم بە کەسێک کە لە ناو پۆل لە کاتی وتارەکاندا نامەی دەنووسی و کە دەچووە کافێکان نە سەیری سمت و مەمکی کچانی دەکرد و نە سەیری چاویان و نە هیچ شتێکی دیکەیان و تەنیا لە بیری ئەودا بوو. کەسێک کە هەموو ڕۆژانی هەینییەک بە هەوەڵ شەمەندەفەرەکان دەڕۆیشتەوە بۆ پاریس و بەیانیانی دووشەممە بە ناڕەحەتی و چاوی ماسیوەوە دەگەڕایەوە و جنێوی بە هەموو چەشنە دوورییەک دەدا و کۆنترۆڵچییەکانی زانکۆشی لە جنێوەکانی بێبەش نەدەکرد. ئاشکرایە کە ئەو کات زۆرتر کەسێکی عاشق پیشە بووم تا کەسێکی کاسب.

ئەوەندە خەریکی خۆشەویستی ئەو بووم کە لە وانەکانم بێ ئاگا بووبووم و چون لە ئەزموونەکانمدا سەر نەدەکەوتم

و هەمیشە دوودڵ بووم، ئەو بەجێی هێشتم. لەوانەیە وای بیر کردبێتەوە کە لەگەڵ کەسێکی وەک من داهاتوویەکی زۆر ڕوونی نابێت.

ئێستا کاتێک سەیری حیسابی بانکییەکەم دەکەم بۆم دەردەکەوێت کە ژیان چ گاڵتەجارییەکە، وەک بڵێی هیچ کێشەیەکم لە ژیاندا نەبووبێ.

جاری وایە پێش دێت کە لەگەڵ ژنەکەم، یان هاوڕێکانم بە پێکەنینەوە باس لە ساڵانی زانکۆ دەکەین، باس لە ئەو فیلم و کتێبانەی کە زەمانێک کاریگەرییان لە سەرمان بووە، هەروەها باسی عەشقەکانی گەنجیمان و کەسانێک کە ئیتر ڕواڵەتیانمان لە بیر چووەتەوە، بەڵام جاروبار لە پڕ دێنەوە بیرمان. باس لە نرخی کافێکان و هەر شتێک کە پێوەندی بە بیرەوەرییەکانی ڕابوردوومان بێت دەکەین، ئەو بەشە لە ژیانمان کە ئێستا لە سەر تاق دانراوە و جارجار باسی دەکەین و تۆزەکەی دەتەکێنین، بەڵام من هەرگیز زۆر بیر لە ڕابوردوو ناکەمەوە، هەرگیز.

لە بیرمە ماوەیەک هەموو ڕۆژێک بە بەردەم تابلۆیەکی ڕێنوێنیدا دەڕۆیشتم کە ناوی ئەو شارەی لێ نووسرابوو کە دەمزانی ئەو لەوێ دەژی. مەوداکەشی بە کیلۆمەتر تێدا نووسرابوو.

هەموو بەیانییەک کە دەڕۆیشتم بۆ سەر ئیشەکەم و هەموو ئێوارەیەک کە دەگەڕامەوە سەیرێکی ئەو تابلۆیەم دەکرد. بەس تەنیا سەیرم دەکرد و هیچی دیکە، بەڵام هەرگیز بۆ جارێکیش بەو ڕێگایەدا نەڕۆیشتم. بیرم لێ دەکردەوە، بەڵام تەنانەت هەر بیرکردنەوە لەوە کە بە ئۆتۆمۆبێلەکەم بەرەو ئەو شارە بڕۆم بۆ من وەک ئەوە وا بوو کە تف لە ژنەکەم بکەم.

بەو حاڵە هەر سەیری ئەو تابلۆیەم دەکرد.

پاشان ئیشەکەم گۆڕی، ئیتر تابلۆیەکیش نەما کە سەیری بکەم.

بەڵام هەمیشە هۆکار و بەهانەی دیکەم بۆ بیرکردنەوە لە ئەو هەبوو. هەمیشە بووم. چەند جار لە سەر شەقام دڵم داکەوتبێ و ئاوڕم دابێتەوە، باشە تەنیا لەبەر ئەوەی کە هەستم کردبێت سێبەرێکم دیوە، کە لە هی ئەو دەچێت، یان دەنگێکم بیستووە کە، یان قژێکم دیوە وەک...؟

چەند جار؟

وام دەزانی کە ئیتر بیری لێ ناکەمەوە، بەڵام هەر ئەوەندەم بەس بوو کە بۆ ساتێک لە شوێنێکی هەندێک بێدەنگ تەنیا ببم و دووبارە بێتەوە یادم.

کەمتر لە شەش مانگ لەمەوپێش بوو. ڕۆژێک لە ڕێستۆرانتێک دانیشتبووم و مشتەرییەک کە چاوەڕێی بووم نەهات، لە بیرەوەرییەکانمدا بە شوێن ئەودا دەگەڕام. یەخەی کراسەکەم شل کردەوە و گارسۆنەکەم نارد پاکەتێک جگەرەم بۆ بکڕێت. لەو جگەرە توندانەی کە ئەو کاتە دەمکێشان. هەر دوو قاچم ڕاکێشا بۆ ئەوەی کەس لە سەر کورسییەکەی بەرانبەرم دانەنیشێت. داوای شەرابێکی باشم کرد، پێم وابێ گرۆد لارۆس بوو، هەروا کە بە چاوی نیوە کراوەوە جگەرەم دەکێشا و لە تیشکی هەتاو چێژم دەبرد، ئەوم دەدی کە بەرەو من دەهات.

سەیرم کرد و دیسان سەیرم کردەوە. تەنیا بیری ئەوم دەکردەوە و بیری ئەو کارانەی کە بەیەکەوە دەمانکردن و ئەو کاتانەی کە لەسەر چەرپایەک دەخەوتین.

هەرگیز پرسیارم لە خۆم نەدەکرد کە ئایا ئێستاش هەر خۆشم دەوێت، یان ئەوەی کە هەستی ڕاستەقینەی من بۆ ئەو چییە. چۆن هیچ سوودێکیشی بە حاڵم نەبوو، بەڵام دەبێت دان بەوەدا بنێم کە حەزم دەکرد بیهێنمەوە ناو تەنیاییەکانمەوە. ناتوانم بڵێم کە وا نەبووم چون بە ڕاستی وا بووم.

خۆشبەختانە ژیانم جۆرێک بوو کە کاتی تەنیایی زۆری پێ نەدەبەخشیم. بۆ ئەوەی تەنیا ببم دەبووایە مشتەرییەکەم قەرارەکەی لەگەڵ من لە بیر چووبایەوە، یان شەوێک لە ناو ئۆتۆمۆبێلەکەمدا تەنیا بوومایە و هیچ کێشەیەکم نەبووایە و تەنیا بیرم لە ئەو بکردایەوە. جگە لەو کاتانە ئیتر هەرگیز تەنیا نەدەبووم.

ئەگەریش ساڵان هەندێک جار حەزم دەکرد بۆ ساتێک بچمەوە ناو خۆم و بیری ڕابوردوو بکەمەوە، یان کەمێک خۆم دڵخۆش بکەم، بۆ نموونە هەوڵ بدەم ژمارە تەلەفۆنەکەی بدۆزمەوە، یان کارێکی گەوجانەی دیکە لەو چەشنە بکەم، ئێستا ئیتر دەزانم کە ناتوانم کاری وا بکەم چون چەند ساڵە کە حەسارێکی ڕاستەقینە بە دەورمدا کێشراوە.

حەسارێکی زۆر قایم: منداڵەکانم.

من شێت و شەیدای منداڵەکانم. سێ منداڵم هەیە، ماری، کچە گەورەکەم حەوت ساڵانە، ژۆزێفین، کچەکەی ترم کە بەمزوانە چوار ساڵ تەواو دەکات و ئیوان، کوڕە

چکۆلەکەم کە جارێ دوو ساڵی تەواو نەکردووە.

من بووم کە لە ژنەکەم پاڕامەوە بهێڵێت سێیەمین منداڵیشمان ببێت، لە بیرمە ئەو باسی ماندوویی خۆی و داهاتووی منداڵەکانی دەکرد، بەڵام من زۆر حەزم لە منداڵی ساوا بوو، حەزم لە قسە تێکەڵوپێکەڵەکانیان و باوەشە خۆشەکەیان بوو. پێم دەگوت... دەی زووکە، منداڵێکی دیکەشت بۆم ببێ. ئەویش زۆر لە بەرانبەر قسەکەمدا نەوەستا و بێ دڵی نەکردم، هەر ئەوە بەس بوو بۆ ئەوەی بزانم کە تەنیا دۆستم هەر ژنەکەمە و قەت لێی دوور نەکەومەوە، ئەگەرچی سێبەری کەسێکی لە یاد نەکراو هەمیشە لەگەڵم بوو.

منداڵەکانم خۆشترین بەشی ژیانی منن. داستانی عەشقێکی کۆن لە بەرانبەر ئەواندا هیچ بایەخێکی نییە. هیچ بایەخێک.

***

ئەمە کورتەیەک لە ژیانی من بوو، بەڵام حەوتەی پێشوو ئەو تەلەفۆنی بۆ کردم و ناوی خۆی گوت:

- هێلێنام.

- هێلێنا؟

- لە کاتێکی خراپدا زەنگم لێ نەداوە؟

کوڕە چکۆلەکەم لە سەر ئەژنۆم دانیشتبوو، هەر دەینووکاند و دەیویست تێلی تەلەفۆنەکە لە دەستم بگرێت.

- دەی...

- ئەوە منداڵەکەتە؟

- بەڵێ

-چەند ساڵانە؟

-... بۆ ئاوا تەلەفۆنت بۆ کردووم؟

- چەند ساڵانە؟

- بیست مانگ.

- تەلەفۆنم بۆ کردوویت چون دەمەوێت چاوم پێت بکەوێت.

- دەتەوێت چاوت بە من بکەوێت؟

- بەڵێ.

- ئەو قسە بێ سەرەودەرانە چییە؟

- ...

- هەر بۆخۆت ئاوا ڕۆژێک لە خەو هەڵدەستیت و بە خۆت دەڵێیت حەز دەکەم بیبینمەوە! جا شتی وا چۆن دەبێت؟

- ئەرێ هەر ئاوەها شتێک.

- ئاخر بۆچی؟ ... دەمەوێت بڵێم بۆچی ئێستا؟ ... دوای ئەو هەموو ساڵە.

- ... دوازدە ساڵ. دوازدە ساڵە.

- چاکە. دەی ئێستا چی بووە؟ لە خەو خەبەرت بووەتەوە؟ چیت دەوێت؟ دەتەوێت بزانی منداڵەکانم چەند ساڵانن، یان ئەوەی کە سەرم تووکی پێوە ماوە، یان بزانی کە بە تەلەفۆنەکەت چ هەستێکم تێدا دروست دەبێت، یان هەر لەخۆوە زەنگت لێ داوە بۆ ئەوەی باسی ڕابوردووی خۆشی خۆمان بکەین؟!

- گوێ بگرە، من نەمدەزانی کە تۆ تەلەفۆنەکەی من ئاوا لێک دەدەیتەوە، کەواتە ئێستا تەلەفۆنەکە دادەنێم. ببوورە. من.

- ژمارەی منت چۆن دۆزییەوە؟

- لە باوکتم وەرگرت.

- چی!

- تاوێک پێش ئێستا زەنگم دا بۆ باوکت و داوای ژمارەکەتم لێ کرد، تەواو.

- تۆی لە بیر مابوو؟

- نا. هەڵبەت... خۆمم پێ نەناساند.

کوڕەکەم خستە سەر عەرز و خۆی چوو بۆ دیوی خوشکەکانی بۆ لای ئەوان. ژنەکەم لە ماڵ نەبوو.

- ڕاوەستە، مەڕۆ... ((ماری! بێ زەحمەت دەتوانی ئەو پاپۆشانەی بۆ لە پێ بکەی؟))... ئەلۆ؟ لێرەی؟

- بەڵێ.

- دەی؟...

- چی دەی؟...

- حەز دەکەی یەکتر ببینینەوە؟

- بەڵێ، بەڵام بۆ ماوەیەکی کەم. هەر بە یەکەوە شتێک بخۆینەوە، یان کەمێک بە یەکەوە پیاسە بکەین، دەزانی...

- بۆچی. چ دەردێک دەرمان دەبێت؟

- ڕاستییەکەی من حەز دەکەم تۆ ببینمەوە. کەمێک لەگەڵت قسە بکەم.

- هێلێنا؟

- بەڵێ.

- بۆ کاری وا دەکەی؟

– بۆچی؟
– بۆ زەنگت بۆ من لێ داوەتەوە؟ بۆ ئەوەندە درەنگ؟ بۆچی ئێستا؟ تەنانەت بیرت لەوە نەکردووەتەوە کە لەوانەیە بەو کارەت ژیانم تووشی کێشەیەکی زۆر گەورە بکەی، هەر وا ژمارەکەمت گرتووە و ...
– گوێ بگرە پیێر. من خەریکە دەمرم.
– ...
– ئێستا زەنگم بۆ لێ داوی چون قەرارە بەم زووانە بمرم. ڕێک نازانم کەی، بەڵام دەزانم کە زۆری پێ ناچێت.
تەلەفۆنەکەم لە سەرم دوور خستەوە و هەناسەیەکی توندم هەڵکێشا، دوایی هەوڵم دا هەستمە سەر پێ، بەڵام نەمتوانی.
– بە ڕاستت نییە.
– با بە ڕاستمە.
– چیتە؟
– ... باسەکەی قووڵە. هەر دەتوانم ئەوەندە بڵێم کە خوێنم کێشەی هەیە... خۆشم شتێکی زۆر لەو بارەوە نازانم، چون هەر جاری شتێک دەڵێن، بەڵام زۆر دۆخێکی ناخۆش و بێتامە.
پێم گوت:
– دڵنیای؟
– ڕاوەستە؟ لای خۆت چۆن بیر دەکەیتەوە؟ پێت وایە ئەم چیرۆکە پڕ خەفەتەم ساز کردووە بۆ ئەوەی بیکەم بە هۆکارێک بۆ ئەوەی تەلەفۆنت بۆ بکەم؟!
– ببوورە.
– تکایە.
– لەوانەیە هەڵەیان کردبێت.
– ئەرێ... لەوانەیە.
– وا نییە؟
– نا، پێم وا نییە.
– چۆن شتی وا دەبێت ئاخر؟
– نازانم.
– ئێشیشت هەیە؟
– هەمە و نیمە.
– دەڵێم ئێشت هەیە؟
– ڕاستییەکەی کەمێک ئێشم هەیە.
– حەز دەکەی بۆ دوایین جار ببینییەوە؟
– ئەرێ. دەتوانین وا بڵێین.
– ...
– ...
– ناترسی نائومێد ببی؟ پێت باشتر نییە هەر ئەو وێنە جوانەی جارانم لە مێشکتدا بمێنێت؟
پێکەنی و گوتی:
– وێنەی ئەو کاتەت کە جوان و گەنج بووی؟
– ئەرێ. هی کاتێک کە جوان و گەنج بووم و قژم هێشتا سپی نەبووبوو...
– قژت سپی بووە؟!
– پێم وابێ پێنج تاڵێکی سپی تێ کەوتبێت.
– ئا دە باشە، ترساندتم! ڕاست ئەکەی. نازانم ئەم کارە کارێکی باش بێت، یان نا، بەڵام ماوەیەکە کە بیری لێ دەکەمەوە، دەمگوت ئەم کارە بەڕاستی زۆر خوشحاڵم دەکات، ئەویش لەم ئاخرانەدا کە ئیتر هیچ شتێکی وا خوشحاڵم ناکات، بۆیە تەلەفۆنم بۆ کردی.
– لە کەیەوە بیری لێ دەکەیەوە؟
– دوازدە ساڵە!... نا... گاڵتە دەکەم. چەند مانگە کە بیری لێ دەکەمەوە. ڕاستییەکەی لە دوایەمین جاری مانەوەم لە خەستەخانەوە.
– دڵنیای حەز دەکەی چاوت پێم بکەوێتەوە؟
– بەڵێ.
– کەی؟
–هەر کات تۆ حەز بکەیت. هەر کات تۆ بتوانی.
– تۆ ماڵت لە کوێیە؟
– هەر لە شوێنەکەی جاران. لە سەد کیلۆمەتری ماڵی تۆدا.
– هێلێنا؟
– بەڵێ؟
– نا هیچ.
– ڕاست ئەکەی، هیچ. ئاوایە ئیتر، ئەمە ژیانە و خۆت دەزانی بۆ ئەوە زەنگم بۆ لێ نەداوی کە باس لە ڕابوردوو بکەین، یان باسی شتانێک بکەین کە ئیتر ئیمکانیان نییە. من...
زەنگم بۆ لێداوی چون حەز دەکەم دووبارە چاوم بە ڕواڵەتت بکەوێتەوە، هەر ئەوەندە. وەک چۆن کەسانێک دەگەڕێنەوە بۆ ئەو دێهاتەی کە بە منداڵی تێیدا بوون، یان بۆ ماڵی دایک و باوکیان... یان هەر شوێنێک کە

نیشانێک لە ژیانی ڕابوردوویانی پێوەیە.
- وەک ئەوەیە کە زیارەتێکیان کردبێ.
هەستم کرد لەو کاتەدا دەنگم گۆڕا.
- ئەرێ، ڕێک وایە. شتێکە وەک زیارەت کردن. ڕاستییەکەی ڕواڵەتی تۆ شوێنێکە کە نیشانێک لە ژیانی منی پێوەیە.
- زیارەتەکان هەمیشە پڕن لە خەم.
- بۆ وا دەڵێی؟! تا ئێستا زیارەتت کردووە!؟
- نا. با! با! لە شاری لوورد...
ویستی بە زۆری خۆی خوشحاڵ نیشان بدات، گوتی:
- ئاوا... کەواتە لە لوورد چووی بۆ زیارەت...
گوێم لە منداڵەکان بوو کە دەمە بە دەمەیان دەکرد و ئیتر تاقەتی قسە کردنم نەما. حەزم دەکرد تەلەفۆنەکە دابخەم. لە کۆتاییدا گوتم:
- کەی؟
- تۆ بیڵێ کەی.
- سبەینێ؟
- ئەگەر تۆ وا حەز دەکەی باش.
- لە کوێ؟
- لە شوێنێک نێوان شارەکەی من و تۆ. بۆ نموونە لە شاری سولی...
- دەتوانی ئۆتۆمۆبێل لێخوڕی؟
- بەڵێ. دەتوانم.
- لە سولی چی لێیە؟
- پێم وا نییە شتێکی وەهای لێ بێت، چاومان پێی دەکەوێت، کەواتە لە بەردەم شارەوانیدا چاوەڕێی یەک دەبین...
- بۆ نانی نیوەڕۆ؟
- نا نا. پێم وا نییە نان خواردن لەگەڵ من زۆر شتێکی خۆش بێت...
زۆری بۆ خۆی هێنا کە پێبکەنێ و گوتی:
- ... دوای نانی نیوەڕۆ باشترە.

***

پییێر ئەو شەوە نەیتوانی بخەوێ. بە چاوی کراوەوە هەر سەیری میچەکەی دەکرد. حەزی نەدەکرد چاوەکانی تەڕ بکات. حەزی نەدەکرد بگری.
بە خاتری ژنەکەی نەبوو کە نەیدەویست بگری. دەترسا هەڵەی کردبێت، دەترسا گریانەکەی زۆرتر لە سەر تەرمی ژیانی دەروونی خۆی بێت تا لە سەر تەرمی ئەو ژنە. دەیزانی ئەگەر گریانەکەی دەست پێ بکات ئیتر وەستانەوەی نابێت.
نابێت بهێڵێت فرمێسکەکانی بڕژێن، بە هیچ جۆر نابێ بهێڵێت. چون ئەو چەندان ساڵە کە خۆی دەنوێنێت و لە بێ توانایی و لاوازی خەڵک دەناڵێنێت. لە لاوازیی خەڵک. ئەو کەسانەی کە نازانن چییان دەوێت و باری ژیانێکی ڕەمەکی بە شوێن خۆیاندا ڕادەکێشن.
ساڵانێکی زۆرە کە بە چاوێکی دڵسۆزانە و وەک کاتێکی بێ مانا لە ژیانیدا سەیری کاتی گەنجیی خۆی دەکات. هەمیشە کە بیری هێلێنای دەکردەوە لای خۆیەوە دەیگوت کە هەموو شتێک کاتی و ڕێژەییە و وای دەنواند کە پێکەنینی بە ئەو کاتەی خۆی دێت و دەرسی لێ وەرگرتووە، بەڵام ڕاستییەکەی قەت هیچ دەرسێکی لێ وەرنەگرتووە.
باش دەزانێت کە لە ژیانیدا هیچ کەسێکی جگە لە ئەو خۆش نەویستووە و جگە لە ئەویش کەس ئەوی خۆش نەویستووە. دەزانێت کە ئەو تەنیا عەشقی ژیانی بووە و هیچ شتێک ناتوانێت ئەوە بگۆڕێت. دەزانێت کە هێلێنا ئەوی وەک کەسێکی بێ کەڵک و زیادی لە ژیانیدا وێڵ کرد و ئیتر هەرگیز دەستی یارمەتی بە لایدا نەبرد، یان تەنانەت وشەیەکی بۆ نەنووسی کە داوای لێ بکات دووبارە هەڵبستێتەوە. ئەوانە دەیسەلماند کە هێلێنا ئەوەندەش کە ئەو بیری دەکردەوە چاک نەبووە و ئەم بە هەڵەدا چووە، ئەم کەسێکی باشتر لەوی ڕایە دەکەوت، یان ئەوەی کە هێلێنا لە ژیانیدا هەڵەی کردووە و لە خەڵوەتی خۆیدا پەشیمانە. پییێر دەیزانی کە هێلێنا خۆی لەوە بە زلتر دەزانی کە پێی بڵێت کە ئەویش دوازدە ساڵە ڕەنج دەکێشێت و ئێستاش خەریکە دەمرێت.
نەیدەویست بگری و بۆ ئەوەی گریانی نەیێت لەخۆوە چیرۆکی بۆخۆی دەگێڕایەوە. هەموو جۆرە چیرۆکێک. ژنەکەی ڕووی کردە ئەم و دەستی خستە سەر سکی و ئەم دەست بە جێ لە خەیاڵە پووچەکانی پەشیمان بووەوە. بێ گومان ئەم کەسێکی دیکەشی خۆش ویستووە و کەسێکی دیکەش ئەمی خۆش ویستووە، بێ گومان. سەیری ئەو ڕواڵەتەی کرد کە لە پەنایدا خەوتبوو. دەستی گرت و ماچی کرد. ژنەکەی لە ناو خەوەکەیدا زەردەخەنەی کرد.
نا پێویست ناکات لە شتێک بناڵێنێ. پێویست ناکات

درۆ لەگەڵ خۆی بکات. ئەو خۆشەویستییە ڕۆمانتیکە هەر تایبەت بە ڕەوتێک لە ژیانی بووە و ئێستا بە سەر چووە. ئیتر تەواو بووە، وا نییە؟ سبەینێ دوانیوەڕۆ ڕۆژێکی باش نابێت بۆ ئەو چون ناچار دەبێت قەرارێکی گرینگی لەگەڵ کۆمپانیای سیگما دوو کە یەکێک لە مشتەرییە باشەکانیانە بەتاڵ بکاتەوە، بۆیە ئەوەی هیچ بە دڵ نییە...

ئەو شەوە نەیتوانی بخەوێت. بیری لە زۆر شت کردەوە، کەواتە هەوڵی دا شتێک بنووسێت، بەڵام چراکە باش کاری نەدەکرد و چاوی لە هیچ نەبوو، بۆیە هەر وەک ئەو کاتانەی کە خەمێکی گەورەی دەبوو، بە دار و دیواردا دەدرا.

***

هێلێنا ئەو شەوە نەیتوانی بخەوێت، بەڵام ئەو لەگەڵ ئەم بێخەوییانە ڕاهاتووە. دەتوانین بڵێین کە ماوەیەکە ئەسڵەن خەوی نییە. ئەویش لەبەر ئەوەیە کە ئەم ماوەیە بە ڕۆژ زۆر خۆی ماندوو ناکات. دوکتۆر وای بۆ داناوە. کوڕەکانی لەگەڵ باوکیانن و ئەمیش کاری هەر بووەتە گریان.

گریان و گریان و گریان.

خۆی تێک شکاندووە، خۆی داوەتە دەست گریان و ئیزن دەدات هەموو تواناییەکەی لێ بستێنێت. بەلایەوە گرینگ نییە و هەست دەکات بە گریان حاڵی باشتر دەبێت، هەست دەکات دەبێت خەریکی کارێکی دیکە بێت و مێشکی لە هەندێک شت بەتاڵ بکاتەوە. دوکتۆر بەو کراسە خاوێن و وشە سەیر و عەجاییبانەیەوە لەخۆوە پێی دەڵێت کە هۆکاری بێخەوییەکەی ئەوەیە کە ماندوو نابێت، دوکتۆر هیچی لێ نازانێت. چون ڕاستییەکەی ئەو زۆر ماندووە. زۆر ماندوو.

هێلێنا دەگری چون ئاخری توانی زەنگ بۆ پییێر لێ بدات. هەمیشە هەوڵی داوە کە ژمارە تەلەفۆنەکەی پەیدا بکات و زۆر جار پێش هاتووە کە ژمارەکەی گرتووە، ئەو دە ڕەقەمەی کە پییێری لە ئەو جیا دەکردەوە، گوێی لە دەنگی بووە و زوو تەلەفۆنەکەی داناوەتەوە، تەنانەت جارێک، ڕۆژێکی تەواو بە شوێنییەوە بوو چون حەزی دەکرد بزانێت لە کوێ دەژی و ئۆتۆمۆبێلەکەی چییە، لە کوێ ئیش دەکات، جلوبەرگی چۆنە و ئایا دڵی خۆشە. جارێکیش شوێن ژنەکەی کەوت، ناچار بۆی دەرکەوت کە ژنەکەی جوان و دڵخۆشە و چەند منداڵی لە پییێر هەیە.

هێلێنا دەگری چون ئەمڕۆ دڵی کەوتەوە سەر تەپە تەپ لەحاڵێکدا پێی وا نەبوو دوای ئەو ماوە زۆرە جارێکی دیکە وای لێ بێتەوە. ژیانێکی دژوارتر لەو ژیانەی کە بۆ خۆی چاوەڕێی دەکرد تێپەڕی کردبوو، بەتایبەت کە تەنیاییەکی زۆری چێشتبوو. پێی وابوو کە تازە زۆر درەنگە بۆ ئەوەی دڵی هەستێکی تێدا بمێنێت و پێی وابوو تازە هەموو کاتە خۆشەکانی ژیانی تێپەڕ بوون، بەتایبەت دوای ئەو ڕۆژە کە زۆر بە چەشنێکی ناخۆش داچڵەکا، ئەو ڕۆژە کە زۆر ئاسایی چوو بۆ تاقیکاری خوێن و خوێنیان لێ گرت تەنیا لەبەر ئەوە کە ماوەیەک بوو هەستی بە ماندوویی و بێ هێزییەکی زۆر دەکرد، بەڵام ئەو ڕۆژە دوکتۆرەکان، هەموو دوکتۆرە گشتییەکان و دوکتۆرە پسپۆڕەکان بۆ تاقیکارییەکەی هاوڕا بوون لە سەر ئەوە کە نەخۆشییەکەی قورسە و چارەسەرێکی وەهای نییە.

لەبەر زۆر شت دەگری، زۆر شت کە حەز ناکات بیریان لێ بکاتەوە. هەموو ژیانی دێتەوە بەر چاوی. بۆ ئەوەی کەمێک دڵخۆشی خۆی بداتەوە بە خۆی دەڵێت کە تەنیا لەبەر چێژی گریانە کە دەگری و نەک بۆ هیچی دیکە.

***

کاتێک گەیشتمە ئەوێ هێلێنا لە پێش منەوە لەوێ بوو، زەردەخەنەیەکی بۆ کردم. گوتی بە دڵنیاییەوە ئەمە هەوەڵ جارە کە تۆ لە ڕێم نەوەستای، چاوت لێیە! کەواتە نابێت هەرگیز نائومێد ببین، پێم گوت کە من لە ژیانمدا قەت نائومێد نەبووم.

یەکترمان لە باوەش نەگرت. پێم گوت کە هەر وەک جاران ماوەتەوە و هیچ نەگۆڕاوە. بۆچوونێکی بێ مانا بوو، بەڵام من بە ڕاستی هەر پێم وا بوو، تەنانەت لە جارانیش پێم جوانتر بوو. زۆر بێ ڕەنگ و ڕوو بوو و هەموو دەمارە باریکە شینەکانی دەوری چاوی و سەر پێڵووەکانی و سەر لاجانەکانی دیار بوون. باریک بووبوو و گۆناکانی زۆرتر لە جاران بە قووڵدا چووبوون. وا دیار بوو لە جاران هێمنترە، لە بیرم دێت جاران چەندە گەش و سەرزیندوو بوو، چاوی لە سەر لانەدەبردم. پێی خۆش بوو قسەی بۆ بکەم، پێی خۆش بوو بێ دەنگ ببم. زەردەخەنەی هەر لە سەر لێو بوو. ئەو حەزی دەکرد چاوی بە من بکەوێتەوە، بەڵام من نەمدەزانی لە کاتی چاو

پێکەوتنەکەدا دەستم چۆن بجوولێنمەوە، یان ئایا دەتوانم جگەرە بکێشم، یان ئایا دەتوانم دەست لە باسکی بدەم.

سولی شارێکی بێ ڕوح بوو. بە یەکەوە تا پارکێکی گشتی کە کەمێک ئەولاتر بوو ڕۆیشتین. باسی ژیانی خۆمان بۆ یەکتری کرد. زۆر بێ پێوەندی و بێتام بوو. باسی نهێنییەکانمان نەکرد. ئەو بە وردی بە شوێن وشەکانیدا دەگەڕا. لە پڕ لێی پرسیم جیاوازی نێوان ترس و گێژی چییە. نەمزانی. جۆرێک سەیری کردم وەک ئەوەی پێم بڵێت کە لێی گەڕێ زۆریش گرینگ نییە. گوتی کە ئەم شتانە بوونە هۆی ئەوە کە زۆر بە پێچەوانەی زاتی خۆی، ببێتە کەسێکی زۆر تاڵ و خۆڕاگر.

زۆر کەم باسی نەخۆشییەکەیان کرد تەنیا بۆ ساتێک باسی منداڵەکانی کرد و گوتی کە ئەمە ژیان نییە ئەوانی تێدان. گوتی کە تاوێک پێش ئێستا ویستوویەتی پاستایان بۆ ساز بکات، بەڵام نەیتوانیوە چون قابلەمە ئاوەکە زۆر قورس بووە و بۆی هەڵ نەگیراوە، بۆیە دەیگوت کە بە ڕاستی ئیتر ئەمە ژیان نییە ئەوان دەیکەن. ئێستا تەنیا خەریکن خەفەت دەخۆن.

داوای لێ کردم باسی ژنەکەم و منداڵەکانم، هەروەها ئیشەکەمی بۆ بکەم، تەنانەت باسی مشتەرییەکانم. حەزی دەکرد هەموو شتێک بزانێت، بەڵام باش دەمبینی کە زۆربەی کات گوێی لە من نییە.

لە سەر کەتێکی کۆن دانیشتبووین لە ڕووبەڕووی فوارێکی ئاو کە لەوانەیە لەو ڕۆژەوە کە دایانمەزراندووە، دڵۆپێک ئاوی لێ نەهاتبێتە دەرەوە.

هەموو شتێک ناحەز بوو، خەمبار و ناحەز. کەم کەم هەوا ساردی کرد و بۆ ئەوەی خۆمان گەرم ڕابگرین هەندێک خۆمان کۆ کردەوە.

ئاخری هەستایە سەر پێ، کاتی ئەوە هاتبوو کە بڕوات.

گوتی یەک تکام لێت هەیە، بەس یەک تکا. پێم خۆشە بۆنت پێوە بکەم. وەڵامم نەدایەوە بۆیە گوتی کە هەموو ئەو ساڵانە کە لە یەک دوور بووین حەزی کردووە کە بۆنم پێوە بکات و بۆنەکەم هەڵمژێت. هەر دوو دەستم لە ناو گیرفانی پاڵتۆکەم توند ڕاگرت چون ئەگەر وام نەکردایە ...

ڕۆیشتە پشت سەرمەوە و خۆی بە سەر قژەکانمدا چەماندەوە. ماوەیەکی زۆر هەر ئاوا مایەوە. حاڵم خراپ بوو، زۆر خراپ، پاشان دەم و چاوی بە سەر و ملمدا دەهێنا و بۆنی دەکرد، هەروا تا پشت ملم ڕۆشت و زۆر لەسەرخۆ دەورێکی سەر و ملمی دایەوە ئەم جار بە ملمدا هاتە خوارەوە و گەیشتە یەخەی کراسەکەم. هەر هەناسەی هەڵدەکێشا و ڕای دەگرت، ئەویش دەستی لە پشتییەوە ڕاگرتبوو. دوایی کراواتەکەی شل کردمەوە و دوو دوگمەی سەرەوەی کراسەکەمی کردەوە، لە سەر ئێسقانی ملم هەستم بە لووتی ساردی کرد، من... من...

لە ناکاو جووڵەیەکم پێدا هات. لە پشت سەرمەوە هەستایە سەر پێ و هەر دوو دەستی ڕاست خستە سەر شانم. گوتی ئیتر من دەڕۆم. حەز دەکەم لە جێی خۆت نەجووڵێیت و ئاوڕ نەدەیتەوە. تکات لێ دەکەم، تکات لێ دەکەم.

لە جێی خۆم جووڵەم نەکرد. خۆشم حەزم نەدەکرد ئاوڕ بدەمەوە چون پێم خۆش نەبوو چاوی بە چاوە ماسیوەکان و لێو و لچە خوارەکەم بکەوێت.

ماوەیەکی زۆر هەر وا وەستام و دوایی بەرەو ئۆتۆمۆبێلەکەم بەڕێ کەوتم.

**ژێدەر:**

**Gavalda A. (1999). Je voudrais que quelqu’un m’attende quelque part, Le dilettante, Paris, p. 101-115 (Pendant des années)**